# ڕۆژنامەی کەیهانی لەندەنی

## خوسرەوجاف

دەوڵەتی شا و دەستەڵاتەکەی لەناوڕۆیشتبوو، جمهووریەتی ئیسلامی جێگەی گرتبووەوە، زۆر لە لایەنگرانی شا ئاوارەی وڵاتان بووبوون، برێک لەو کەسانەم دەناسی، ئەگەرچی من ئەو کاتەی لە ئێرانا بووم، هیچ پایە و پۆستێکی دەوڵەتیم نەبووە و بۆ خۆم وەک تەلارسازێک بە کاری ئازادەوە خەریک بووبووم. منیش بەو ئاگرە سووتام و هەرچی دار و نەدارم بوو لەناوچوو، سەڵت و قوڵت بە جلەکانی بەرمەوە دەرچووم. لەو ڕۆژانەیدا زۆر بێتاوان بە گڕی شۆڕش سەر وماڵیان تیاچوو و و سووتان، ئەوەیش یەکێکە لە پێناسی ئاوا شۆڕش و کودەتایەک لە هەر کوێ کرابێت.

بۆ نەخۆشی ڕۆیشتم بۆ لەندەن لەوێڕا برێک لە ناسراوانی ئێرانی خۆمم دیەوە و دەیانم بینی ڕۆژێک یەکێک لەو برادەرانە ڕۆژنامەی کەیهانی بۆ هێنام، کە لە لەندەندا دەردەچوو، زۆرتر سڕنا و بلوێری شاهنشاهی لێ دەدا، ئەو برادەرەم وتی: ئەم ژمارەیە مەقالەیەکی دووروودرێژی لەسەر کورد نووسیوە، لام خۆشە بیخوێنیتەوە. ئەو برادەرەیشم سەر بە ڕژێمی ڕابردوو بوو. کاتێک ڕۆژنامەکەم خوێندەوە بۆم دەرکەوت بە لایانەوە ئاش هەمان ئاشە!

ئێمە بەر لەوەی کورد بین، دەبێ ئارییایی بین و لەپێناو ئاریا ئارییا و ئاریا میهریدا وەک سووتەمەنی بەکار بهێنرێن، وەک میللەتێک مافی ڕەوای نەتەوایەتیمان پێ نەدرێت، نە بەقەڵەم نە بەخەیاڵ لێی نەدوێین. گڕم تێبەربوو لە عەقڵیەت و بۆچوونی شاە پەرستانە، کە بەو هەموو بێ هیچییەوە یەشتا ددان بە مافی ئێمەی کورددا نانەن... بڕیارم دا بێدەنگ نەم و تیشک بخەمە سەر ئەو جۆرە بیروبۆچوونە پڕوپووچانەی وا کە لەم بێهێزی و ئاشووفتە بازاڕییەوە وا تیادان، کەچی یەشتا وا دەزانن سەردەم سەردەمی شای هەخامنشینە و کوردیش لە لەشکرەکەیاندا چەکداریانە.

بڕیارمدا لە هەمان ڕۆژنامەی کەیهاندا وەڵامێکی توندووتیژ بدەمەوە، هەر وام کرد و نووسیم و بڵاوکرایەوە.

ئەم برادەرانەی ئێمە سەیرن وەک وابێت بەنگیان کێشابێت، یان ئێمەی کورد بە گێل دەزانن، یا وەک لە واقیعەتی خودی مێژوو بێ خەوەرن.

با بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کورشی هەخامنشی و هارپاکی ناپاکی میدیدا کە چۆن بە شێوەیەکی نا جوان مەردانە دەستەڵاتیان لە دەستی زنجیرە دەستەڵاتی مادەکانیان دەرهێنا و لە سەرەتاوە دەستەڵاتی دوو لایەنەی نێوان مادد و فارسیان بە وجوود هێنا و دوای لەناوبردنی ناڕەزاکانی ماد دەوڵەتی یەک لایەنەی هەخامنشی پێکهێنا و بە شێوەیەکی گشتی ئەوی ماد و لایەنگیرانی مادەکان بوون لەناویان بردووە و ئەمە هەقیقەتێکی مێژووییە، هەتاوەکوو مێژوونووسە دەمارگرژە فارسەکانیش ناتوانن لەو هەقیقەتە لابدەن.

لەو کاتەوە تا بە ئەمڕۆ فارس برا گەورەی کوردە و ئێمە برا بچووک و لە فەلسەفەی ئاریا میهری ئێرانی بوونا، ئەوی مافی ڕەوای کوردە تواوەتەوە و لەو ماوە دوور و درێژەی دا، ئەوان برا گەورە و ئێمەی کوردیش برا بچووکی هەژار و نەدار و نەخوێندەوار.

وەرن با تەرازوویەکی ویژدانی بە دەستەوە بگرین و واقیعیانە هەڵی سەنگێنین. جەمهووریەتی ئیسلامی پەیڕەوی بۆچوونی ویلایەتی فەقهییە و ئەبعادەکەیشی حەیەعەلا سەڵاتە و بەڵێ ئەوانیش ددان بە مافی ڕەوای کورددا نانێن، بەڵام نە درۆ لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و نە لەگەڵ کوریشدا.

با بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی شاهەنشاهی پەهلەوی، ئاوڕێکی واقیعیانە لەو دێ و لادێ هەڵقرچا و هەژار و نەخوێندەوارانەی کوردستان بدەینەوە.

ئەگەر بە ویژدانەوە لە یەکی بدەینەوە لادێ کوردەکان لە لادێی چەند سەردەمی بەرد دەچن، وەک وابێت سەدەی بیستەم لەوێڕا سەدەیەکی مابێت تا بگاتە ئەوان و بەو شێوەیە کوردی ئاریا میهری باج و خاوەی برا بچووکی خۆی داوە، نە سەدەیە و نە بیست سەدە.

فەرموو با پشکنینی سەرپایی بکەین و بزانین لە دامودەزگای دەوڵەتی شاهەنشاهیدا چەند کارمەندی کوردی پایەبەرز هەبووە، چەند وەزیر لە کابینەکانی ئێرانا وجوودیان هەبووە، چەند ئەفسەری پایەبەرز لەناو سوپای ئێرانا بوونیان هەبووە؟

لەوە دەڕوا لاتان وابێت تا ئەزەل ئەم جۆرە برایەتییەی بپارێزن، جا با داستانێکی خۆماڵیی ناو ئێمەی کوردتان بۆ بگێڕمەوە.

پیاوێک مرد و دوو کوڕی لێ بەجێما... برا گەورەکە بە برا بچووکەکەی وت: با داراییەکەی باوکمان برابەش بکەین.

برا بچووک وتی: کاکە هەرچی تۆ دەیڵێیت دەیکەین....

برا گەورە وتی: ئەو ئەسپە چەمووشە سەرکێشە وا سوار دەگلێنێ ئەوە بۆ من....

ئەو گەماڵە هەوشارە کەڵپەدارە، کە دەوەڕێ دەنگی دەڵێی لەناو ئەشکەوت دایە، ئەوە بۆ تۆ...

ئەو پشیلە چاوشینە وا کلکی دەخاتە سەرشانی و مشک لە چنگی وەدەرناچێت ئەوە بۆ تۆ...

ئەم ماڵەی وا تیادایین، لە زەوییەوە تا سەربان بۆ من، لە سەربانەوە تا ئاسمان بۆ تۆ...

جا برادەرینە! ئەم برایەتیی ئێمە و ئێوەیە تا ئێرە و بەس، دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ بەس نییە، ئێوە برا گەورەی ماڵی خۆتان بن و لە ئێمە گەڕێن.

ئەم وتارە، کە بڵاوبوویەوە هەرایەکی گەورەی نایەوە، لەناو لایەنگرانی شاه پەرستەکاندا زیاتر لە بیست وتاری جۆراوجۆر بە دوای خۆیدا کێشا و بوو بە هۆی دووبەرەکیی فکری لە ناویاندا.

ئەم وتارەم لە ساڵی 1991لە کەیهاندا بڵاوبووەتەوە...